## PCCI سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالاًن

The Protection Center for Defends of Children’s Rights in Iraq -مركز الدفاع عن حقوق الاطفال في العراق

---

"The way a society treats its children is the most telling testimony to its humanity and liberty. Children must come first, above any national, economic, political, ideological, religious and cultural considerations and interests." ***The Founding Document of The Protection center for defens of chidren’s rights in Iraq***

### نامەیەك لەسەنتەری منالاًنەوە

### بۆ بەڕێز : مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

### پاش سلاًوو ڕێز..

**ئەمڕۆ لەسەرتاسەری دنیای پێشکەوتوودا و لە بواری پەروەردە کردنی منالاًندا ، پسپۆران و پەروەردکارانی منالاًن بەدوای نوێترین و ئارامترین ڕێگەدا دەگەڕێن بۆ فێرکردنی منالاًن، بەجۆرێك کە منالاًن بە هیچ شێوەیەك بیریان بۆ لای توندو تیژی نەڕوات و گیانی تورەبوون و جەنگ و نائارامی لە مێشك و دەرونیاندا گاریگەری و تارمایی دانەنێت. ئەمڕۆ زاناکان بیر لەوەدەکەنەوە کە داخوا چۆن بتوانن ئەو بەشە لە مێشکی مرۆڤ کە پەیوەندی بە هەلًچون و تورەبوونەوە هەیەو، کە وا لە مرۆڤ دەکات لەبەرامبەر ڕووداوێکدا مامەلًەیەکی نادروست و هەلًوێستێکی توند بنوێنێت، کاریگەری ئەو بەشە لە مێشکی مرۆڤ لە سەر کاردانەوەی هەلًوێستی مرۆڤ بگۆڕن بۆ ئەوەی چیتر تورە بوون نەبێت، هەلًچون نەبێت ، شەڕ و مرۆڤ کوشتن نەبێت، توندو تیژی نەبێت...هتد.**

**کەچی لە کوردستان و ژێر سایەی دەسەلاًتی تۆدا تێڕوانین بۆ منالاًن و شێوازی مامەلًە کردن لە تەك منالاًندا، بە پێچەوانەی ئەم ڕەوتی دنیای پێشکەوتووەیە. ئەوەتا بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێری حکومەتی هەرێمی کوردستان ، لە جیاتی چارەسەر کردنی کێشەکانی منالاًن و دابین کردنی پێداویستیەکانیان، لە جیاتی لێکۆلًینەوەی زانستیانەو پەنجە خستنە سەرکێشەکان و ، ووردبوونەوە لەوەی کە بۆچی ئاستی زانستی و ڕێژەی دەرچوونی خوێندکاران لە ژێر ٪20 وەیە، لە جیاتی هەموو ئەمانە ، بەپێی هەوالًی ڕاگەیەندنەکان بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە هەلًدەستێت بە ژمارە 28758 ی ڕۆژی 5-11/2006 بە دەرکردنی بڕیارێك بۆ سزادنی منالاًن و لێدان و سوکایەتی پێکردنیان.**

**ئەم بڕیارەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر پێشێل کردنێکی ئاشکرای مافە سەرەتاییەکانی منالاًن و دژایەتی کردنی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی منالاًنە. بەڕێزتان ئاگادارن کە لە سالاًنی ڕابردوودا و لە کوردستان بەردەوام سزادانی خوێندکاران و منالاًن، دەیان کارەساتی جەرگ بڕو دلًتەزێنی لێکەوتۆتەوە، بەدەیان منالً و لاوانی کچ و کوڕی دلًپڕ لەهیوا، لە خونچەی تەمەنیاندا گڕیان لەجەستەی ناسکی خۆیان بەرداوەو خۆیان سوتاندوە، بۆیە بەڕێزتان وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان ، لە دووبارەبوونەی ئەم تراژیدیانەو ئەم کارەساتە دلًتەزێنانە بەرپرس دەبن، وە ئێمە لەم بارەوە ڕاگەیاندن بە هەموو وولاًتانی ئەوروپا و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەدەین و، لەم بڕیارە ئاگاداریان دەکەینەوە.**

**ئێمە لەسەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالاًن ، داوا لەبەڕێزتان دەکەین وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە دەستبەجێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر دەستەبەرداری ئەو بڕیارە بێت و هەلًیوەشێنێتەوەو، لەبەرامبەردا بڕیاری قەدەغەکردنی مامەلًەی نامرۆڤانە و لێدان و سزا دانی منالاًن ڕابگەیەنێت.**

**لەگەلً ڕێزو سوپاسماندا**


### شێرزاد فاتح

### سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالاًن

Tel: 00 46 73 57 15 449

www.santarimnalan.com



| | | | |
|---|---|---|---|
| **Adress**: CFBRI<br>c/o S. Fatih<br>Parkvägen 44A<br>802 64 Gävle | **CFBRI**<br>E-post:<br>santarimnalan@yahoo.com<br>www.santarimnalan.com<br>Org.nr: 885002-2842 | **Postgirot:**<br>39 08 04 – 3 | **Kontaktperson**: Sherzad Fatih, ordförande<br>Tfn. 073 57 15 449<br>Sherzad_f@yahoo.com |